# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!

(5)

حەمەسەعید حەسەن

**نوێکردنەوە یان لاساییکردنەوە؟**

هاوسمان دەڵێت: (تاژی ناتوانێت پێناسەی کەروێشک بکات، بەڵام هەر کە چاوی پێی کەوت، یەکسەر دەیناسێتەوە، منیش ناتوانم پێناسەی شیعر بکەم، وەلێ هەر کە بینیم، دەیناسمەوە.)(٥٦) زۆربەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە زمانێکی ڕوون نووسراون، بایەخی بە فۆرم داوە، وەلێ نەک هەر زێدەڕۆیی تێدا نەکردووە، بەڵکوو گەلێک جار شێوەی کردووە بە قوربانی ناوەڕۆک. شیعر باڵندەیەکە، ناوەڕۆک و شێوە هەردوو باڵەکەی پێک دەهێنن، دەوڵەمەندترین ناوەڕۆک بێ شێوەیەکی هونەری نابێتە شیعر، شیرینترین فۆرمی هونەریش بێ ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند، حەڵوایەکی ژاراوییە.

(پێویستە پێوەندیی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاخاوتنی ئەو سەردەمەی شاعیری تێدا دەژی، بە جۆرێک بێت کە خوێنەر بڵێت، ئەگەر شاعیر بوومایە، منیش وەها دەهاتمە گۆ.)(٥٧) شیعری جوان نە تەمومژاوییە، نە ساکار، شاعیر هاوزەمان قووڵیی مەبەست و ڕەوانیی دەربڕین ڕەچاو دەکات و هیچیان ناکاتە قوربانی ئەوی تریان.

(مەرج نییە ڕەخنەگر شاعیر بێت، بەڵام هەموو شاعیرێک ڕەخنەگرە.)(٥٨) شاعیر سەروەختی نووسین بە دوو چاوی وریاوە سەرنجی شیعرەکانی دەدات و گوڵبژێر و شەن و کەویان دەکات. ئەو شاعیرەی جڵەو بۆ بەهرە شل بکات، تووشی هەڵدێر دێت. هەندێک جار ڕستەیەکی ناشیعری سواری شیعرێک دەگلێنێت، لە شیعردا هەندێک وشەی زبر و نامۆی وا هەیە، لە مێشێک دەچێت، کەوتبێتە نێو جامێک ماستاوەوە. شیعر گیاندارێکی زیندووە، هیچ ڕەگەزێکی بێ ئەوانی دیکەی ناژی و هەموو ڕەگەزەکانی پێکەوە شیعرەکە پێک دەهێنن.

(پێویستە پێوەندیی نێوان ڕەخنەگر و شاعیر وەک پێوەندیی نێوان پۆلیسی هاتوچۆ و شوفێر بێت!)(٥٩) هەرگیز ئەو لافە لێ نادەم و ئەو مافەش بە خۆم ڕەوا نابینم، ڕێگەی ڕاستی شیعر، نیشانی هیچ شاعیرێک بدەم، وەلێ هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی هەموو بەرهەمێک دەدەم و خۆم بەو کاغەزە سپییە نازانم کە هەموو قەڵەمێک بە پێی ویستی خۆی، ڕەشی بکاتەوە.

من باسی شیعر دەکەم و شیعریش شێوەیەکی دیاریکراوی نییە، من گەڕیدەی نێو وڵاتی شیعرم و شیعریش سنوورێکی داتاشراوی نییە، شیعر بە کۆیلە نازانم تا پێوەند و کۆت بکەمە لاق و گەردنی، شیعر کۆنترۆڵ ناکرێت، شاعیری کۆنترۆڵکراو، ئامێرێکە لە دەزگایەکی داپڵۆسیندا. شیعر ئەسپێکی کێوییە بە هیچ ڕژێم، سوڵتان، حیزب و ڕەخنەگرێک لەغاو ناکرێت، (شیعری ڕاستەقینە هەمیشە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندایە.)(٦٠)

تەمەنی شیعریی شێرکۆ بێکەس دەیان ساڵە، لەو ماوە دوور و درێژەدا، زمانی شیعرەکانی گۆڕانی گرنگی بەسەردا هاتووە. ئەو زمانەی (تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان و کاوەی ئاسنگەری ١٩٦٨ ـ ١٩٧١) پێ نووسیوە، جیاوازە لەو زمانەی بەسەر بەشێک لە شیعرەکانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ ١٩٧٣)دا زاڵە، زمانی (ئاسک) و (کازیوە) کە هەردووکیان ١٩٧٨ بڵاو بوونەتەوە، لە یەکدی جیاوازن، زمانی (ڕووبار) و (کەشکۆڵەکان) لە زمانی دوو شاعیری جیاواز دەچن، لە ڕووباردا (١٩٨٥) زمانی شیعری و لە کەشکۆڵەکاندا (١٩٨٤ـ ١٩٨٥) زمانی گوتاردان زاڵە.

زمانی عەرەبی تاکە پەنجەرەیە لە بەردەم شێرکۆ بێکەسدا بۆ سەرنجدانی ئەدەبی گەلانی دیکە، کاریگەرێتیی

شاعیرانی فەرەنسایی و ئینگلیزیزمان بە شێوەیەکی زەق لەناو شیعری عەرەبیدا، هەر لە ‹بەدر شاکر سەییاب›ەوە تاکوو ‹ئەدونیس،› رەنگی داوەتەوە. شێرکۆ بێکەس لە رێی ئەو شاعیرە عەرەبانەوە ئاشنای شێواز و زمانی شیعریی (بۆدلێر، رامبۆ، سان جۆن پێرس، ئەلیەت و عەزرا پاوەند) بووە، هەردوو هۆنراوەی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) و (گینگڵ،) هەوڵدانە بۆ نووسینی شیعر بەو زمانەی ئەوان. گەمە بە وشە کردن، یاخیبوون لە لۆژیکی زمان، پساندنی داوی پێوەندیی نێوان هۆکار و ئەنجام، کۆکردنەوەی دژەکان، داهێنانی رستەی نائاسایی و دەربڕینی نامۆ، نووسین بەو شێوازانە، ئەدونیس لەوانەوە و شێرکۆ بێکەسیش لە ئەدونیسەوە فێری بووە.

ئەو شاعیرەی هەوڵی نوێکردنەوە بدات و توانای بە سەریدا نەشکێت، دەشێت (ئەمرۆ بکەوێتە ژێر کاریگەریتیی رۆمانسیزمی ئینگلیزییەوە، سبەینێ سیمبۆلیزمی فەرەنسایی و دووسبەی کلاسیزمی کۆن یان نوێ. جاری وا هەیە هەموو ئەو چەشنە کاریگەرێتییانە لە یەک کۆمەڵەشیعری یان تەنانەت لە یەک تاقەشیعریدا رەنگ دەدەنەوە، تا ئەو ئاستەی کە دەشێت بابەتی شیعرەکەی رۆمانتیک بێت و بە شێوازێکی رەمزییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی بگرێت.)(٦١) رووخسارپەرستی و تەمومژی نابەجێ، دوو خەوشی شیعری ئەلیەتن، (گینگڵ، کۆچ و برایمۆک،) شیعری ئەو سەردەمەی شێرکۆ بێکەسن کە لەژێر کاریگەرێتیی (وێرانەخاک)ی ئەلیەتدا بووە. گەردەلوولی لاساییکردنەوەی ئەلیەت بە تایبەتی لە شیعری (گینگڵ)دا، درەختی شێوازی نووسینی شێرکۆ بێکەسی لە رەگوریشەوە هەڵکێشاوە.

برینەکانم جێی ساغم سارێژ دەکەن،

گوناهەکانم نوێژ دەکەن،

شەوەکانم رۆژوو دەگرن.(٦٢)

*

خۆم بە قاچی شەمشەمەکوێرەی رێکەوتا هەڵواسیوە.(٦٣)

ئەم شێوازی نووسینە کە پشت بە وێنەی ناکۆک، نامۆ، نامافووڵ دەبەستێت، کوتومت لاساییکردنەوەی بۆدلێر و رامبۆیە.

لە بەفراوی ناو خەیاڵی رنووی لوتکەما. (٦٤)

(بەفراوی خەیاڵی رنووی لوتکە،) وشەریزکردنە، نەک شیعرنووسین، ئەم پەتایە بەشێکی زۆری شیعری روانگەییەکانی گرتبووەوە. شاعیری بە توانا وشە تەنیا بەو مانایەی لە قامووسدا هەیەتی بەکار ناهێنێت، وزەی نوێی پێ دەبەخشێت و (ژیان بە بەر ئەو وشانەشدا دەکاتەوە کە لە گیانەڵلادان.)(٦٥)

شێرکۆ بێکەس لە رێی وەرگێران و بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی عەرەبەوە، (ئەلیەت)ی ناسیوە و پێی سەرسام بووە، هەر بۆیە جێدەستی وی بە ئاشکرا بە شیعرەکانییەوە دیارە. لە شیعری گینگڵدا سەرنجی خوێنەری بۆ تاقە دێرەشیعرێکی ئەلیەت راکێشاوە، بەڵام گەلێک جاری دیکە وێنە، دەربڕین و رستەی ئەوی دووبارە کردووەتەوە، بێ ئەوەی سەرچاوە دەستنیشان بکات.

ئێوە ئەی گەورەپیاوینە

پیاوانی دز، پیاوانی پووت! هەڵۆ، ل٤٤

(ئەرکی هونەر ئەوە نییە لەو دەرگایانەوە بچێتە ژوورەوە کە لەسەر پشتن، بەڵکوو پێویستە دەرگا داخراوەکان بکاتەوە.)(٦٦) پیاوانی پووت، The hollow men یەکەمین جار لە یۆلیۆس تزاری شەکسپیردا هاتووە،(٦٧) ناونیشانی یەکێکیشە لە شیعرە هەرە ناودارەکانی ئەلیەت و لە شیعری (عەبدولوەهاب بەیاتی)یشدا زێتر لە جارێک بەکار هێنراوە.(٦٨)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

لەم چۆڵەوانیی ڕۆحەدا
یەکێ نەبوو ئاوڕ لە کڵپەم باتەوە.(٦٩)
(قاتوقڕی ڕۆح و چۆڵەوانی ڕۆح) زۆر جار لە شیعری ئەلیەتدا بەر چاو دەکەون و بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ باتەتێکی سەرەکیی شیعری وی بوون.(٧٠) (هەرچی لایەنی جوانی شیعری ئەلیەت هەیە، لە کەسانی تری وەرگرتووە.)(٧١) شاعیرانی عەرەبیش لەویان خواستووە، شێرکۆ بێکەسیش بێ ئەوەی ژێدەرەکانی دیاری کردبێت، لە شاعیر و وەرگێڕی عەرەبی خواستووە.
‹دوازده› یەکێکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی بلۆک، باسی دوازدە سەربازی لەشکری سوور دەکات کە لە شەوێکی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چاودێری شەقامێکی پەترۆگراد دەکەن.
لەسەر ڕێیاندا بەفرێکی زۆر هەڵدرابووەوە،
ئەوە کێیە خۆی لە پشت ئەو بەفرەوە حەشار داوە؟
کەس نییە، سەگێکی خوێڕیی برسییە.(٧٢)
شێرکۆ بێکەسیش لە شیعری (لە شەوێکدا) باس لە دەستەیەک پێشمەرگە دەکات کە بۆ چالاکی هاتوونەتە نێو شاری سلێمانییەوە.
شەو بوو هەر پێشمەرگە و بەفر،
بە بناری شاخەوە بوون،
شەو بوو لەبەر دەرکی سەرا
تەنیا چەند سەگێکی خوێڕی و
دوو پیکابی زەرد ئەبینرا. هەڵۆ، ل١١٠
شێرکۆ بێکەس زۆر جار ڕستەیەکی شیعری یان پتر دەخاتە نێوان کەوانەوە، ئەو ڕستانەی لە شیعرەکانیدا لە نێوان کەواندان، بەرهەمی ئەدیبانی دیکەن و ئاماژەی بۆ ژێدەرەکانیان نەکردووە، بۆیەش دەیانخاتە نێوان کەوانەوە، تاکوو ئەگەر ڕەخنەگرێک سەرچاوەی یەکێک لەو ڕستانەی دەستنیشان کرد، بڵێت: ڕاستە بۆیە لە نێوان کەواندا دامناوە. وەک:
(دنیا پاڵتۆیەکی سپی زۆر ئەستووری لەبەردایە،
خوا هەڵلاجێکی گەورەیە،
ئەسپەکان زریانی تووڕە بوون، مەحاڵیان یخ ئەدا.) هەڵۆ، ل٥٢
ماو دەڵێت: دەسەڵاتی سیاسی لە لوولەی تفەنگەوە هەڵدەقوڵێت.
شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: تەنیا لە لوولەی تفەنگدا، ئازادی چاوی هەڵدێنێ.(٧٣)
گۆران دەڵێت: چاوم ڕوا ... هەر نەهاتی.
شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: سەرنج ڕوا بۆ نەهاتی؟ هەڵۆ، ل٥٧
لە بەغدا دەرچووە سەیوانە ئامانجی
ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی و کرمانجی. گۆران
شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: هۆ برای زازۆیی و کرمانجم
وا من دێم ڕێ مەگرن لە کڵپەی ئامانجم. هەڵۆ، ل٢١١
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانی لە بەژنێکی بەرزا. گۆران
شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: ئەوی ئەمڕۆ پێی ناز ئەنێ بەسەر زەمینا. جێی سەرنجە (بووکی ناکام) ناوی ئەو

هۆنراوەیەی شێرکۆ بێکەسە، ئەوەشی لە (بووکێکی ناکام)ی ‹گۆران›ەوە وەرگرتووە.

بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت؟ گۆران

شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: بۆ هەر ئەبێ دەستی لەرزۆک بۆ چەنەی ماتی؟

شیری دەستی لێقەوماوین

لە ڕووی زوڵما هەڵکێشراوین. هەردی

شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت:

ئەم شمشێرە سوورەی شۆڕش

لە ڕووی زوڵما هەڵکێشراوە. هەڵۆ، ل١٤٥

گوڵم هەرێمی زۆنگ و زەل

چلۆن ئەبێتە جاڕەگوڵ؟ سوارە.

شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: ئەموت هەواری خۆڵەمێش

چۆن ئەبێتەوە بە ئاگر؟ هەڵۆ، ل٧٦

(٥٦) د. عبدالسلام المسدی و د. عبدالواحد لؤلؤه، الشعر و متغيرات المرحله، ص١٢٢ دار الشؤون الثقافيه ١٩٨٦ بغداد.

(٥٧) د. محسن اطيمش، دير الملاک، ص١٧٤ دار الرشيد ١٩٨٢ بغداد.

(٥٨) ميشيل بوتور، وجها لوجه، مجله العربي، شباط ١٩٨٩ الكويت.

(٥٩) رسول حمزاتوف، اراء و قصائد، ت: ميخائيل عيد، ص٢٣ مكتبه ميسلون ١٩٨٤ دمشق.

(٦٠) مجله العربي، عدد ٢٦٤ ص١٠١ مارس ١٩٨٩ الكويت.

(٦١) د. عبدالسلام المسدی و د. عبدالواحد لؤلؤه، الشعر و متغيرات المرحله، ‹٢› ص٥٢ دار الشؤون الثقافيه ١٩٨٦ بغداد.

(٦٢) ، (٦٣) و (٦٤) شێرکۆ بێکەس، کۆشیعری: من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل٢٧، ٤٨ و ١٨٧ وەزارەتی ڕاگەیاندن ١٩٧٣ بەغدا.

(٦٥) د. محسن اطيمش، دير الملاک، ص١٩٤ دار الرشيد ١٩٨٢ بغداد.

(٦٦) الشعر و العمل، ص١٩

(٦٧) اليوت، ص١٤٥

(٦٨) د. محسن اطيمش، دير الملاک، ص٣٥٣ دار الرشيد ١٩٨٢ بغداد.

(٦٩) مامۆستای کورد ژمارە (٦) ل٢١ سوێد.

(٧٠) و (٧١) اليوت، ص٢١ و ٢٨

(٧٢) الكسندر بلوک، مختارات شعريه، ت: د. ابوبكر سيف، ص٢٤ دار داروغا ١٩٨٥ موسكو.

(٧٣) پەیف، ژمارە (١) ل٩١ لەندەن.